The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
chak.org@gmail.com

## با یادی کارەساتی عامودا کۆمان بکاتەوە دژ بە بەردەوامبوونی جینۆسایدی گەلەکەمان

کوردستانیانی هێژا

لە کاتێکدا یادی قوربانیانی گەلەکەمان دەکەینەوە لە ساڵیادی 47 ساڵی کارەساتی سوتانی سینەمای شارۆچکەی عامودا و تیرۆرکردنی 380 منداڵی کورد لە بەرواری 1960/11/13 دا بە نەخشەیەکی دیاریکراو بۆ خامۆشکردنی گوڕی سەرهەڵدان و ڕووبەڕووی داگیرکەران لە باشوری بچوکدا، و ناساندنی وەک ڕوداوێکی (قەزا و قەدەر) کە سەرجەم قسەی شایەتحاڵەکان تاوانباری دەست و دایرەی ڕژێم تاوانبار دەکەن لەو کارەساتە و جۆنیەتی ڕێگرتن لە بەتەنگەوهاتنی قوربانیان و دواتریش دەربازبونیان لە بەدواداچونی یاساییدا. ڕووی دڕندەیی داگیرکەران دەردەخات لەو ساتەوە.


سینەمای عامودا

ئەمڕۆش دوای تێپەڕبوونی 47 ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە ، گەلەکەمان دوجاری شاڵاوێکی دڕندەتر دەبێتەوە بۆ بەردەوامی جینۆسایدکردنی بە پێشڕەوی ڕژیمی داگیرکەری تورکیا و پاڵپشتی دەوڵەتانی سوریا و ئێران و شۆفینیزمی عەرەبی لە ئێراق و ناوچەکەدا.

لە نێوان عامودا و هێرشی ئێستای داگیرکەری تورکیادا، گەلی کوردمان لە هەموو پارچەکاندا، دوچاری چەندەها کارەساتی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی نەژادی لە شێوەی ئەنفالکردن، کیمیابارانکردن، بەعەرەب و بەفارس و بەتورک کردن، ڕاگواستنی زۆرەملی، دانانی هێڵی ئاسایشی بۆ گەمارۆدانی بوونی گەلەکەمان ، ناسنامە گۆڕین ، لێسەندنەوەی مافی هاووڵاتیبوون، لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ، زیندەبەچاڵکردن و جۆرەها هێرشی سەربازی لەژێر ناوی جۆراوجۆردا ، مەبەستی هاوبەشی سەرجەم داگیرکەرانی کوردستان سڕینەوەی بوون و ناسنامەی کوردستانی گەل و نیشتمانەکەمان بووە.

ئێمە وەک ناوەندی چاک داوادەکەین لەسەرجەم کوردستانیان بە حیزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و سەرجەم گەلی کوردستانمان لە هەر شوێنێکی جیهاندا بە هەموو شێوازێکی گونجاو ڕووبەڕوی دوبارەبوونەوەی جینۆسایدی گەلی کورد ببنەوە و بە یەک دەنگ ڕێ لە هێرشی داگیرکەری تورکیا بگرین بۆ لێدانی ئەزمونی ئێستای گەلەکەمان و بەرگری لە مافی بوون و ژیانێکی شایستە وەک باقی گەلانی جیهان بکەین.

لەهەمان کاتدا داوا دەکەین حکومەتی سوریا ڕووبەڕوی بەرپرسیارێتی یاسایی بکرێتەوە لەسەر ئەو کارەساتە و تاوانەکانی پشتوێنی عەرەبی (الحزام العربی) و لێسەندنەوەی مافی هاووڵاتی لە پتر لە 200 هەزار کورد و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی قامشلۆ و بەعەرەبکردنی شار و شارۆجکەکانی باشوری بچوک.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد- چاک-**

2007/11/1

www.chak.info
chak.org@gmail.com


یەکێک لە بریندارەکانی عامودا


گۆڕی قوربانیانی عامودا